


# ئێوە دەڕۆن و ئێمە دەمێنینەوە

مارشی شکۆداری شاری زوریخ،مارشی هاوپشتی و دژی ڕاسیستی، مارشی مەزنی دیفاع لە پەنابەران و مافەکانی مرۆڤ،مارشی دژی یاساکانی پەنابەری وڵاتی سویسرا ،دەنگی خۆی بە کۆمەڵگەی سویسرا دەگەیەنێ. ئەمڕۆ 2007/11/17 بە بەشداری زیاتر لە 5000 هەزار کەس،فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسراو چەن ڕێکخراوێکیتر،لە هێلڤاتیا پلاتسی شاری زوریخەوە بە دەم هوتافکێشانەوە بەرەو ناوەندی شاری زوریخ بەڕێکەوتن.دروشمی( نا بۆ سنور،نا بۆ نیشتمان ،بەڵێ بۆ مانەوەی پەنابەران) (هیج ئینسانێک ناقانونی نیە،دەبێ هەموو لێرە بمێننەوە)پەنابەران دەمێننەوەوبلۆخەر دەبێ بڕوا) بە تەواوی شاری زوریخی خرۆشاندبوو، کۆمەڵێکی زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن ئامادەببون و وێنەی مارشەکەیان دەگرت.(ئەحمەد عەلی) سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا،یەکێک لە ڕێکخەرانی ئەم مارشە مەزنە، لە پێشەوەی خۆپیشاندەران بە بڵندگۆ ئەم دروشمانەی دەوتەوەو هەزاران کەسیش بە دوایەوە دروشمەکانیان دەوتەوە، لافیتەو پلاکاتەکانی فیدراسیۆن لە پێشەوی خۆپیشاندانەکەوە سەرنجی شەقامە پڕ خەڵکەکەی شاری زوریخی ڕادەکێشا و دەوری ڕابەرایەتی کردنی مارشەکەی دەبینی.دوای نزیک بە سەعاتیک لە گەڕان بە ناو شاردا مارشەکە گەڕایەوە هێلڤیتیا پلاتس،دواتر نوێنەری چەن ڕێکخراوێک قسەو باسیان بۆ خۆپیشاندەران کرد.(دەشتی جەمال) سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی کە لە لەندەنەوە هاتبوو بە زمانی ئینگلیزی قسەی بۆ ئامادەبوان کرد.دەشتی لە باسەکەیا ئاماژەی بە هەلومەرجی سەختی عێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کرد،باسی لەوە کرد کە چۆن عێراق بوە مەیدانی جەنگی هێزە دژبەیەکەکان و کۆمەڵگاش بوە بە قوربانی ئەم شەڕە،داوای کرد کە بەرەیەکی بە هێز لە ئەوروپادا بۆ وەستانەوە بە دژی ئەم یاسایانە پێکبێ،دواتر بە گشتی باسی لە وەزعی پەنابەری عێراقی کرد لە ئەوروپادا وتیشکی خستە سەر هەڵسوڕانی فیدراسیۆن لەم مەیدانەدا. لە کۆتایشدا بە دروشمی بەڵی بۆ مانەوەی پەنابەرانی عێراقی و نا بۆ گەڕانەوە قسەکانی کۆتایی پێهێنا،شایانی باسە لە نێو چەپڵەڕێزانی خۆپیشاندەراندا دروشمەکانیان بە دوادا دەوتەوە. ئاپۆڕەیەک لە خەڵکی ناڕازی و دڵگەرم پێشوازیەکی جدیان لە قسەکانی دەشتی کرد.دوای زیاتر لە 3

سەعات لە نەفرەت نیشاندان بەرامبەر بە یاسای تەزەی دەوڵەتی سویسرا مارشەکە کۆتایی پێهات.

فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی/سویسرا
2007/11/17

بۆ هەر زانیاریەک پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفونەوە بکەن.

078 853 20 04ئەحمەد عەلی




